**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٢٢٧٦ لە ٢٠٢١/١٠/١٢**

**بڕیاری ژمارە (١١٦) لە ٢٠٢١/٩/٢٩**

پ شت بە ست بەحوکمەکانی ماددەی (هە شتەم) لە یا سای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کورد ستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، لە سەر پێ شنیاری دە ستەی دە سپاکی لە هەرێمی کورد ستان – عێراق ، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە:

١- پەســەندکردنی (ســتراتیژیی نیشــتمانی دەســتەی دەســپاکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کورد ستان – عێراق (٢٠٢١- ٢٠٢٥)، جگە لە پا شکۆی ستراتیژییەکە تایبەت بە (میکانیزمی چاودێریکردن و بەدواداچوون) کە دواتر دە ستەی دە سپاکی لە هەرێمی کورد ستان بە هەماهەنگی ســەرجەم دەســەڵات و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ســتراتیژییەکە میکانیزم و شێوازی جێبەجێکردنی دیاری دەکات، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەر دامەزراوە و دەسەڵاتێک.

٢- ڕاسپاردنی سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ ســەرۆکی دەســتەی دەســپاکی لە هەرێمی کوردســتان بە مەبە ستی ڕەچاوکردنی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە کۆبوونەوەکە خرانە ڕوو ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێــت کە لە بڕگەی (٢-٢-١)ی ســتراتیژییەکە بەنــاوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) هاتووە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٤٥٩ لە ٢٠٢٢/١/١١**

**پوختەی ستراتیژ**

ســتراتیژی نیشــتیمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردســتان ٢٠٢١-٢٠٢٥ پلانێکی گشــتگیری دامەزراوەکانی هەرێمی کوردســتانە لە پێناوی ئەوەی کە حوکمڕانیەت بە شــێوەیەکی کاراتر، شــەفافتر بۆ خزمەتی بەرژەوە ندیی گشــتی بەڕێوەبچێت. ئەم ســتراتیژە وەکو ئەرکی لە پێشــینە لە لایەن دەســتەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوە و پاڵپشــتی پەرلەمان و ســەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری و دامەزراوەکانی دیکەی فەرمی و ســیاســی و ناحکومی لەگەڵدایە تا ببێتە ئەرکێکی پێکەوەیی نیشتیمانی بۆ کوردستانێکی پێشکەوتووتر.

سێکتەرەکانی ناو ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای هەر چوار پێوەری میتۆدی شیکاریی سوات SWOT Analysis واتە کورتکراوەی خاڵە بەهێزەکان Strengths، خاڵە لاوازەکان Weaknesses، دەرفەتەکان Opportunities و هەڕە شەکان Threats هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و دواتر لە سەر ئەو بنەمایانە ئامانجەکان نوو سراونەتەوە و پاشــان ڕاســتەوخۆ لە دوای هەر ســێکتەر و بوارێک بەرنامەی جێبەجێکردن Action Plan خراوەتەڕوو. داتاکانی ناو ئەو ستراتیژە لە ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کورد ستان لە ساڵی ٢٠١٧ تا ٢٠٢١ وەرگیراون کە داتــای جۆرایەتین Qualitative Data و بە شــێوەی دیمــانە و فۆکەس گروپ لەگەڵ دامەزراوە جۆراوجۆرەکان کۆکراونەتەوە (بڕوانە، وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢١١، لە ٢٠١٧/٥/٣١).





لە پێشــەکیی ئەم ستراتیژە پێناســەی گەندەڵی بە شێوەیەکی گشتی و بەو جۆرەش کە لە یاسای دەستەی دەسپاکی بە پشتبەستن بە دەقەکانی یاسای سزاکانی عێراقی هاتووە، خراوەتەڕوو. دواتر بنەماکانی ئەم ستراتیژە و ئامانجەکان خراونەتەڕوو. ئەو بنەما و ئامانجە گشتییانە بوونەتە چوارچێوەی گشتی بۆ ئەوەی دواتر ئا مانجی هەموو ســێکتەرە کان لەبەر ڕۆشــ نایی ئەو چوارچێوە گشــتییە بنووســرێنەوە و پلانی جێبەجێکردنیان بۆ دابڕێژرێت.

لایەنەکانی پاڵپشــت لە پلانی جێبەجێکردنی ئەم ســتراتیژە کە بۆ هەر ســێکتەرێک نووســراون بریتین لە دامەزراوە فەرمییەکان، حزبە ســیاســییەکان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و کەرتی تایبەت و لە هەندێ بواردا دامەزراوەی نێودەوڵەتیش. بەمەش جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی دەستەی دەسپاکی، بەڵکو دەستە دەبێتە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکی نیشتیمانی.

ماوەی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە ٤ ساڵە و لە پلانی جێبەجێکردندا بۆ هەر سێکتەرێک کاتی جێبەجێکردن نووسراوە. لە پلانەکانی جێبەجێکردندا لە ماوەی ئەو چوار ساڵە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی یاسایی و دامودەزگایی و فەرهەنگی ڕوودەدەن کە دەرفەتەکانی گەندەڵی کەمدەکەنەوە و ڕێوشــوێنەکان چڕ دەکەنەوە بۆ ســزادانی ئەوانەی تاوانە جۆراوجۆرەکانی گەندەڵی ئەنجام دەدەن.

**پەیام و دیدگای ستراتیژ**

**پەیام:**

لە پێناوی بەدیهێنانی حوکمڕانیەتییەکی چاک و ڕوون و تەندروســت و کارا لە ڕێگای هەماهەنگیی دامەزراوە نیشــتیمــانییەکــان و هــاوکــاری نێودەوڵەتی لە لایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییە پــاڵپشــتیکــارەکــان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بنەبڕکردنی گەنــدەڵی لە جومگە هەســتیــارەکــانی وڵاتەکەمــان، بۆ پێشــکەشــکردنی خزمەتگوزاریی گشــتی بە باشــترین شــێوە و پاراســتنی موڵک و ماڵی گشــتی لە هەرێمی کوردســتان، ئەم ستراتیژە نووسراوەتەوە.

**دیدگا:**

- پاڵپشــت بە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشــتنی گەندەڵی ســاڵی ٢٠٠٥، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨، دەستووری عێراق ٢٠٠٥، لە سەر بنەمای یاسای دەستەی دەسپاکی هەموارکراو ژمارە ٧ی ســاڵی ٢٠١٤، و یاســا بەرکارەکانی هەرێمی کوردســتان کە پەیوەســتن بە چاکســازی، شــەفافیەت و لێپرسینەوە، هەروەها لەبەر ڕۆ شنایی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کورد ستان کە یەکێک لە ئامانجە ســەرەکییەکانی چاکســازی و نەهێشــتنی گەندەڵییە، هەروەها لەبەر ویســتی گشــتیی گەلی کوردستان، ئەم ستراتیژە داڕێژراوە.

**پێشەکی**

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و بە ڕێژەی جیاواز لە زۆرینەی کۆمەڵگا و ســیســتەمە ســیاســییەکان بوونی هەیە. لە دوای ١٩٩٠ەوە ژمارەی ئەو توێژینەوانەی لە بواری گەندەڵیدا نووسراون و ئەو هەوڵانەی بۆ نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوەی لەســەر ئاســتی دونیا دەدرێن، لە بەرزبوونەوەیەکی گەورەدایە. دامەزراوە دیارەکانی وەکو ڕێکخراوی شــە فافیەتی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی پێناســەی گە ندەڵیان کردووە بە خراپ بەکارهێنانی دە سەڵات و سەروەتی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی. لە یا سای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤، یا سای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ لە ماددەی ٢ بڕگەی حەوتەم تاوانی گە ندەڵی پێناســە کراوە بە "...هەر تاوانێک لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاســای ســزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ســاڵی ١٩٦٩ دەقیان





لەســەر کراوە و، تاوانەکانی پێشــێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشــتی، کە بریتین لە بەرتیل، ئیختیلاس و زێدەڕۆیی فەرمانبەران لە ســنووری وەزیفەکانیان و، تاوانەکانی شــوشــتنەوەی مایە و داڵدەدان (بەردەســتکردنی ئەو ســامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵی) و، هەر تاوانێک یەکێک بێت لە بارودۆخە توندکراوەکانی دەقکراو لە بڕگەکانی (پێنجەم، شــەشــەم و حەوتەم)ی ماددەی (١٣٥) لە یاســای سزادانی عێراقی هەموارکراو بە یا سایەکی ڕێکخراوی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوە شاوەی پا شکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلافی کاتیی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤". بە گوێرەی پۆلێنبەندییەکانی ڕێکخراوی شــەفافیەتی نێودەوڵەتی کە ســاڵانە بۆ پۆلێنکردنی ڕێژە و ئاســتی گەندەڵی لە دەوڵەتان بڵاویدەکاتەوە، هەمیشــە عێراق لە ڕیزی دەوڵەتانی پێشــەوەیە لە گەندەڵی. وێڕای ئەوەی ڕێکخراوی ناوبراو هیچ جیاکارییەک لە نێوان هەرێمی کوردســتان و بەشــەکانی دیکەی عێراق ناکات، لە زۆر ڕووەوە ئەم دوو کیانە سیاسییە جیاوازییان هەیە.

گەندەڵی بۆتە کێشــەیەکی گەورە لە بەردەم گەشــەی سیاســی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیادا. لە هەرێمی کوردســتاندا گەندەڵی کاریگەریی خراپی بەجێهێشــتووە بەســەر کارایی دامودەزگاکان، پەیوەندی نێوان دەســەڵات و خەڵک، ســەروەریی یاســا، ئاســت و چۆنیەتی خزمەتگوزارییە گشــتییەکان و گەشــەی ئابووری بە دانپێدا نانی دامودەز گا فەرمییە کان. ئەم لێکەو تانە هانی دەســتەی دەســپاکی و دامەزراوەکانی دیکەی داوە بۆ ئەوەی ئەم ستراتیژە بنووسنەوە.

**ئامانجەکان:** ئەم ستراتیژە بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە نووسراوەتەوە:

**یەکەم**: گەشــەپێدانی دەسپاکی و لێپرسینەوە و شــەفافیەت لە دامودەزگا گشــتی و تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی متمانەی هاوڵاتییان پێیان.

**دووەم**: برەودان بە کلتوور و هۆشــیــاریی ڕووبەڕووبوونەوەی گەنــدەڵی لە ســەر ئــاســتی پەروەردەیی و دامودەزگایی.

**سێیەم**: جێگیرکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی حوکمڕانێتیی شــەفاف و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە چوارچێوەیی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەریدا.

**چوارەم**: دروســتکردنی هاوپەیـمانێتیی بەرەنگاربوونەوەی گە ندەڵی لە نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرە کان بە مەبەستی چاودێریکردنی ئەدای دامودەزگاکان و پاڵپشتیکردن لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.

**پێنجەم**: خێراکردنی پرۆســەکــانی لێپرســینەوە و یەکلاکردنەوەی کەیســەکــانی گەنــدەڵی لە ڕێی کــارایی دامودەزگاکانی دادوەری و نەهێشتنی پارێزبەندیی یاسایی و سیاسیی ناپێویست.

**چوارچێوەی ستراتیژ**

ئەم ستراتیژە بە سەر سێ سێکتەر دابەش بووە. لە سێکتەری یەکەم دامەزراوە فەرمییەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە کە بریتین لە پەرلەمانی کورد ستان، دە سەڵاتی جێبەجێکردن کە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردســتان لەخۆیدەگرێ. پاشــان دەســەڵاتی دادوەری و دامەزراوە ســەربەخۆکان کە دیوانی چاودێریی دارایی، دە ستەی دە سپاکی، دە ستەی مافی مرۆڤ و کۆمی سیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپر سی لەخۆدەگرێت. دواتر سێکتەری دووەم تایبەت کراوە بە پارتە سیا سییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کە پارتە ســیاســییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا لەخۆدەگرێ. ســێکتەری ســێیەم تایبەت کراوە بە کەرتی تایبەت. لە هەر یەک لەم ســێکتەرانە بە چوارچێوەی شــیکاریی ســوات، خاڵە بەهێز و لاوازەکان و دەرفەت و هەڕە شەکان بۆ هەر یەک لە دامەزراوەکان باس کراوە و دواتر ئامانجەکان خراونەتەڕوو، لە کۆتایی شدا پلانی جێبەجێکردن بۆ هەر یەکێکیان پێشکەش کراوە.





**سێکتەری دامەزراوە فەرمییەکان**

١,١ پەرلەمانی کوردستان:

**شــرۆڤە:** پەرلەمانی کوردســتان دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراوی شــەرعییە و لە لایەن گەلی کوردســتانەوە هەڵدەبژێردرێ. لە ســاڵی ١٩٩٢ەوە لە ڕووی پێکهاتەوە بە دەنگی خەڵک بۆتە دامەزراوەیەکی فرە لایەن کە کۆمەڵێک پارتی سیاسیی جیاواز تیایدا کاران.

**خاڵە بەهێزەکان:** لە بواری شەڕی گەندەڵیدا، پەرلەمان دەتوانێ لەڕێی دەرکردنی یاسای نوێ و هەمواکردنەوەی یاسا بەرکارەکان و چاودێریکردنی حکومەت کارا بێ. پەرلەمان کۆمەڵێک یاسای بۆ چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەرکردووە کە پاڵپشتە بۆ لایەنی جێبەجێکار لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا. پەرلەمان لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ دەستپاکی دروست کردووە کە دەتوانێ ڕۆڵێکی کارا لە نەهێشتنی گەندەڵی بگێڕێت.

**خاڵە لاوازەکان:** پەرلە مانی کوردســتان لە بواری نەهێشــتنی گە ندەڵیدا لە بواری چاودێریی دەســەڵاتی جێبەجێکردندا، کە یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی، هەنگاوەکانی لە ئاستی چاوەڕوانی خەڵک نەبووە. حزبە گەورەکان بەرپرسە یەکەم و خاوەن بڕیارەکانی خۆیان نانێرنە ناو پەرلەمان. بەو جۆرە، کەسە بەهێزەکانیان یان دەڕۆنە ناو حکومەت یان لە دەرەوەی پەرلەمان و لە ناو حزبەکانیان دەمێننەوە. بەهۆی ســیســتەمی کراوەی هەڵبژاردن، هاوســەنگی بە گوێرەی پسپۆڕی لەناو پەرلەمان تێکچووە و زیاتر ئەوانە دەنگ دەهێنن و دەبنە ئەندامی پەرلەمان کە دەتوانن وەکو کەسایەتیی گشتی دەربکەون و سەرنجی خەڵک ڕابکێشن.

دەرفەتەکان: بە گوێرەی یاسا، پەرلەمان دەسەڵاتی چاودێریکردنی حکومەت و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی هەیە، دە سەڵاتی دەرچواندنی یا سا و هەموارکردنەوەی یا ساکانی پێ شوو، هەروەها دە سەڵاتی بەرکارکردنی (ئینفازکردنی) یاســاکانی عێراق کە لە دوای ٢٠٠٣ەوە دەرچوون، هەیە. دەتوانێ ڤیتۆی ســەرۆکی هەرێم لە کاتی ڕەتکردنەوەی یاســاکان تێپەڕێنی بە دەنگی دوو لەســەر ســێی ئەندامەکانی. پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی هەیە کە دەتوانێ بەشــێکی تەرخان بکات بۆ پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پرۆســەی هۆشــیــارکردنەوەی خەڵــک و فەرمــانبەرانی دەوڵەت بۆ خۆپــارێزی و دژایەتیکردنی گەندەڵی. هەروەها دەتوانرێ ڕاوێژکاران و ســەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان بخرێنە خزمەت توێژینەوەکردن لە بوارەکانی گەندەڵی. سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان دەتوانێ کۆنفرانس و ورک شۆپ بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەی چاکسازی ئەنجامبدات و بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری سپۆت و کورتە فیلمی ئامانجدار و تایبەتمەند بە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە میدیا بڵاو بکرێتەوە. هەروەها درو ستکردنی هاوپەیمانی لەناو ئەکادیمی ست و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پرۆسەی چاکسازیی فراوانتر بکات.

**هەڕەشەکان:** پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە هەموو کات ئەگەری ئەوە هەیە کە کێشە سیاسییەکان ببنە هۆی پەکخســتنی پەرلەمانی کوردســتان، وەکو ئەوەی پێشــتر ئەزموون کراوە. هەروەها پەرلەمانتاران لە نێوان خۆیان ڕێکبکەون لەســەر خۆبواردن لە تێپەڕاندنی یاسا پێویســتەکان کاتێک بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان حزبەکانیان دەکەونە مەترسییەوە.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

آ. پەرلەمان هەموارکردنەوەی یاســاکان و دەرچواندنی یاســای پێویســت بۆ پاڵپشــتیکردنی پرۆســەکانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بکاتە کاری لەپێشینەی خۆی.

بۆ نموونە: پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاساکانی وەکو یاسای دەستەی دەسپاکی، یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەموار بکرێتەوە.

ب. پێش تەواوبوونی ساڵی دارایی، بودجەی گشتی بۆ پەرلەمان بنێردرێت بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست و دیاریکراودا پەسندبکرێت.

ج. یاسای هەڵبژاردن هەمواربکاتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی هەڵبژاردن بە جۆرێک بێت بوار هەبێت هاوسەنگی لە نێوان پسپۆڕییەکان بۆ پەرلەمان بگەڕێنێتەوە.

د. بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان و دەستەی دەسپاکی، کۆنفرانس و کۆڕبەند و وۆرکشۆپ بکرێن بۆ گفتوگۆکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی.

ە. لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی زۆریی ژمارەی یاساکان و چڕکردنەوەیان لە کۆمەڵێک یاسای پوخت لە کاتی پێویستدا، بکرێت.

و. پێداچوونەوە بە ژمارەی ڕاوێژکاران و پسپۆڕییەکانیان لە پەرلەمان بە جۆرێک ژمارەیەک ڕاوێژکاری تایبەت بە بوارەکانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی لەوێدا کاربکەن.

**پلانی جێبەجێکردن:**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت و دەستەی دەسپاکی | فەراهامکردنی زەمینەیەکی یاسایی گونجاو بۆ نەهێشتنی گەندەڵی | هەماهەنگیی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| ب | پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت | شەفافیەت لە خەرجی و داهات، سەروەریی یاسا | هەماهەنگیی نێوان هەردوو دەسەڵات | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | پەرلەمانی کوردستان، حزبە سیاسییەکان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی | گێڕانەوەی هاوسەنگیی پسپۆڕییەکان و سەرکەوتنی کەسانی خاوەن شارەزایی لە بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ پەرلەمان | هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکان | ٢٠٢٢ |
| د | پەرلەمان و دەستە و زانکۆکان | بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی دژە گەندەڵی | هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە جۆراوجۆرەکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ە | پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، دەستەی دەسپاکی، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان | نەهێشتنی بەریەککەوتنی یاسایی | دەزگاکانی پاڵپشت ئەو یاسایانە دیراسە دەکەن کە پێویستە یەک بخرێن | ٢٠٢١-٢٠٢٣ |
| و | سەرۆکایەتیی پەرلەمان | چالاککردنی ئەدای پەرلەمان لە بواری نەهێشتنی گەندەڵیدا | دانانی پێوەری پسپۆڕی و لێهاتوویی بۆ دەستنیشانکردنی ڕاوێژکارەکان | ٢٠٢٢ |





١,٢ دەسەڵاتی جێبەجێکردن

١,٢,١ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

**شرۆڤە:** بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بە گوێرەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو خاوەن کۆمەڵێک دەسەڵاتی گرنگە کە دەتوانێ لە پرسی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیدا ڕۆڵ بگێڕێ.

خاڵە بەهێزەکان: لە ساڵی ٢٠١١ پرۆژەی بۆ چاکسازی هەبووە و لێژنەی تایبەتی بۆ ئەم بوارە پێکهێناوە. لەژێر ڕۆشنایی پێشنیازی لێژنەکانی چاکسازی، زەمینەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی ساز بوو.

**خاڵە لاوازەکان:** بە گوێرەی یا سای سەرۆکایەتیی هەرێم، ئەو دامەزراوەیە کۆمەڵێک ڕۆڵی گرنگی جێبەجێکاری لە کوردستان هەیە کە دەتوانێ هاوکاری پرۆسەی چاکسازی بکات، بەڵام ئەو جیاوازییە سیاسییەی هەیە لەناو حزبەکان، ڕەنگە ئەو ڕۆڵە لاواز بکات. وێڕای ئەوەی چەند ساڵە وەکو دامەزراوە هەیە، بەڵام هێشتا پەیکەری کارگێڕیی دامەزراوەکە لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەکان وەکو پێویست تەواو نەکراوە.

**دەرفەتەکان:** لە دوایین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە گوێرەی هەمواری نوێی یاساکە بە ژمارە (١)لە ساڵی ٢٠١٩، کۆدەنگییەکی نیشتیمانیی فراوانتر لەسەر پێگەی ئەو دامەزراوەیە لەناو زۆرینەی حزبەکان دروست بوو. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵ لە کۆکردنەوەی پارتە سیاسییەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە پرۆسەی چاکسازی بگێڕێت. دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای لە کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکان بۆ تەواوکردنی پرۆسەکانی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەبێت. بەو پێیەی سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی هەرێمە، دەتوانێت ڕۆڵی باڵای لە پرۆسەکانی یەکخستن و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، دوای شەڕی داعش، زەمینەکە بۆ ئەم پرۆسەیە لەبارترە. لەبەرئەوەی پەیوەندی و لینکی لەگەڵ دەوڵەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، سەرۆکی هەرێم دەتوانێت هاوکارییەکی گەورەی پرۆسەی چاکسازی بێ لە کوردستان لەڕێی دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ئەو دامەزراوانە.

**هەڕەشەکان:** ئەگەری ئەوە هەیە لە سەر هەر پرس و بابەتێک پەیوەندی نێوان هێزە بەشدارەکانی حکومەت تێکبچێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕۆڵی ئەو دامەزراوەیە لە پرۆسەی نەهێشتنی گەندەڵی هەبێت.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

آ. پاڵپشتی دامەزراوەکانی جێبەجێکردن بکات لە چاکسازی و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم ستراتیژە.

ب. کۆبوونەوەی دەوری بە سەرۆکی حزبە سیاسییەکان بکات بۆ ئەوەی ببنە بەشێکی گرنگ لە هاوپەیمانێتیی نیشتیمانی دژە گەندەڵی.

ج. هانی هێزە سیاسییەکان بدات و هاوکارییان بێت لە پەلەکردن لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

د. پاڵپشتی حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکانی چاودێری بکات بۆ ئەوەی پرۆسەکانی چاکسازی باشتر بڕۆنە پێشەوە لە ڕێگای هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.





پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت | پاڵپشتی نیشتیمانی بۆ چاکسازی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | سەرۆکایەتی هەرێم و حزبە سیاسییەکان | فراوانکردنی بازنەی پاڵپشتی و هاوپەیمانی نیشتیمانی دژی گەندەڵی | کۆبوونەوەی دەوری | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان، حزبە سیاسییەکان | پتەوکردنی دامودەزگاکان لە ڕێی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە گوێرەی دەستوور | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| د | سەرۆکایەتیی هەرێم، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لایەنە نێودەوڵەتییەکان، دەستەی دەسپاکی | زیاترکردنی پاڵپشتی بۆ پرۆسەی چاکسازی لەڕێی وەرگرتنی هاوکاریی جۆراوجۆر لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

١,٢,٢حکومەتی هەرێمی کوردستان

**شرۆڤە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە، بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان بە گشتی. لە ماوەی ڕابردوودا هەندێ پلانی جۆراوجۆری تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی و حوکمڕانی شەفافی هەبووە (بڕوانە، وەقایعی کوردستان، ژمارە ٢١١، لە ٢٠١٧/٥/٣١). لە کابینەی نۆیەمدا، نەهێشتنی گەندەڵی بۆتە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی بەرنامەی وزاری و یەکەم یاساش کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچووە، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ە کە بە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ناونراوە. بە گوێرەی یاسا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پرۆژەی یاسا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات.

**خاڵە بەهێزەکان:** حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونی لە بەڕێوەبردن لە قۆناغی جۆراوجۆر پەیدا کردووە. لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام پارتە بەهێزەکانی کوردستان لە دروستکردن و سەرکردایەتی کردنی کابینەکاندا بەشداربوون، ئەمەش هێزی بە کابینەکانداوە بۆ ئەوەی ڕێژەیەک لە سەقامگیری و ئازایەتیی بڕیاردان پیشانبدات. بە گوێرەی یاسا دەتوانێ ڕۆڵی گەورە لە جێبەجێکردنی یاساکانی بواری چاکسازی بگێڕێت و ڕێگری بکات لە تەشەنەکردنی گەندەڵی و دەرفەتەکانی. حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەڵک هەیە و دەتوانێ بە میکانیزمی چاودێری ناوخۆیی، زوو دەستی بگاتە کەموکوڕییەکان. لە ڕووی توانای مرۆیی، خاوەن ژمارەیەکی زۆر کارمەندە کە دەتوانن لە پرۆژەکانی نەهێشتنی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ڕۆڵ بگێڕن. لە ڕووی داراییەوە، حکومەت دەتوانێ بودجەیەکی پێویست بۆ نەهێشتنی دەرفەتەکانی گەندەڵی تەرخان بکات. لە ڕووی خزمەتگوزاریی گشتییەوە بە بەراورد بە حکومەتی عێراق، پرۆژەی ستراتیژی گرنگی ئەنجامداوە کە ئەمەش پاڵپشتی جەماوەری بۆ پرۆژەکانی زیاد کردووە. لە ڕووی سەربازییەوە خاوەن هێزی پێشمەرگەیە کە دەتوانێ بەرگری لە سەقامگیری بکات و خاوەن هێزی پۆلیس و ئاسایشە کە لە ناوچەیەکی پڕکێشەدا ئارامییەکی گەورەیان دابینکردووە کە جێگای سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەیە و وەکو خاڵێکی ئەرێنی ناسراوە. لە ڕووی پێکەوە ژیانەوە، بایەخی زۆری بە فرەکلتووری و پاراستنی ناسنامەی فرەئایینی و مەزهەبی و ئیتنی کوردستان داوە. ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی بۆ سەر پرۆسەی سازانی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتەکان خۆیان و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.





**خاڵە لاوازەکان:** بەهۆی لاوازی چاودێری ناوخۆیی لە ڕابردوو، دەرفەتی گەندەڵی پەیدابووە لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا. کارمەندانی کەرتی گشتی لە دەرەوەی پێویستی و بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمێکی دیاریکراو دامەزراون، ئەمەش کاریگەری لەسەر کواڵیتی کارکردن کردووە. زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دەرفەتی دروست کردووە کە فەرمانبەری بندیوار دروست ببن کە دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن. ئەم دیاردەیە کاریگەری لەسەر ئەدای فەرمانبەران بە گشتی کردووە و هەست کردن بە بێدادی و نەبوونی لێپرسینەوە زیادی کردووە. لە پاڵ ئەمەشدا سیستەم و دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران و پلەبەندی نەبووە.

لە ڕووی سەربازییەوە، هێشتا ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی پێشوو و هەژموونی حزبی بەسەر هەندێک لە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسەوە تا ڕادەیەک ماوە، پرۆسەی بێلایەنکردن و بە دامەزراوەیی کردنی ئەو دەزگا هەستیارانە سستە. لە ڕووی ئابوورییەوە، وێڕای داهاتی ناوخۆیی و فرۆشتنی نەوت، هێشتا بە ڕێژەیەکی گەورە پشت بە بەغدا دەبەسترێ، ئەمەش ناجێگیریی ئابووری دروست کردووە. حکومەت لە کەرتی خزمەتگوزاری پلانێکی ستراتیژی وەکو پێویست لە ئاستی چاوەڕوانی و داخوازیی خەڵک نەبووە بۆ ئەوەی لەبوارەکانی کشتوکاڵ وگەشت و گوزار وڕێگاوبان وتەندروستی وپەروەردەدا سەرمایەگوزاری بکرێت.

**دەرفەتەکان:** ئەگەر سەردەمێک گەندەڵی وەکو چەکی سیاسی بەکارهێنرابێ، ئەمڕۆ کۆدەنگیی هێزە سیاسییەکان و خەڵک بۆ دژایەتیی گەندەڵی و سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی بۆتە دەرفەتێکی گەورە لە بەردەم حکومەتی هەرێم تا هەنگاوی کرداری بنێت. لە ماوەی ڕابردوودا یاسای گرنگ دەرچوون، حکومەتی هەرێم دەتوانێ زەمینەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بڕەخسێنێ یان ئەوەی پێویستی بە هەمواکردن هەیە، پرۆژەی بۆ ئامادە بکات و ڕەوانەی پەرلەمانی بکات. ئەم یاسایانە زەمینەی یاسایی و دامەزراوەیی گرنگ بۆ نەهێشتنی گەندەڵی خۆش دەکەن. وێڕای ئەوەی لە دوای ٢٠١٤ بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانەکانی دیکە دۆخی کوردستان بە قۆناغێکی ناهەمواردا تێپەڕی، دووچاری کێشە بووەوە، بەڵام دەکرێت ئەم قۆناغەی ئێستا وەکو دەرفەتی خۆهەڵسەنگاندن سەیربکرێت و حکومەت پێداچوونەوەی جددی بە داهات و خەرجییەکان و کارایی دامەزراوەکانی بکات.

**هەڕەشەکان:** زۆریی ژمارەی فەرمانبەران کە زیاترە لە پێداویستیی دامەزراوەکان بە گوێرەی ستاندارد نێودەوڵەتییەکان، بۆتە بارگرانی بەسەر بودجەی کوردستان و کاریگەریی خراپیشی لەسەر ئەدای ئیداریی دامەزراوەکان بەجێهێشتووە. تێکەڵکردنی کارەکانی حزب لەگەڵ حکومەت بۆتە مەترسی لەسەر پرۆسەی چاکسازی. دەستتێوەردانی سەرمایەدارە خاوەن بەرژەوەندییە باڵاکان لە کەرتی گشتی بە ڕێگای جۆراوجۆر ئەگەری کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆی پرۆسەی چاکسازی دروست دەکات.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

**لە ڕووی ئیدارییەوە:**

أ. بەهێزکردنی چاودێری ناوخۆیی – Self-Monitoring لەڕێی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون. فەرمانگەی ناوبراو دەکرێ لەڕێی دامەزراوەکانی چاودێرییەوە پرۆسەی چاودێریی ناوخۆیی لەناو کەرتی گشتی بەهێز بکات بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی کەم بنەوە.

ب. کەمکردنەوەی وەزارەتەکان بۆ ژمارەیەکی گونجاو کە لەگەڵ دۆخی هەرێم بگونجێت.

ج. فراوانکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرگرتن لە زۆر جۆری گەندەڵی.

د. دۆزینەوەی میکانیزمی یاسایی و کارگێڕی کە ببێتە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەیانەوێ لە کەرتی تایبەت خزمەت بکەن. بۆ نموونە هەمواری ئەو ماوەیە بکرێت کە فەرمانبەری کەرتی گشتی دەیەوێ مۆڵەتی بێ مووچە وەربگرێت بۆ ئەوەی لە کەرتی تایبەت کار بکات.

ە. بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لەڕێی کردنەوەی خولی جۆراوجۆری ڕاهێنان و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕەفتاری پیشەیی.

و. کەمکردنەوەی ڕۆتین لەڕێی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ یەکە ئیدارییەکان و پەیڕەوکردنی سیستەمی یەک پەنجەرەیی.

ز. جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان تایبەت بە ئاڵۆگۆڕی پۆستە ئیدارییەکان و دامەزراندنی خەڵک بۆ پۆستە ئیدارییەکانی خوار وەزیر و پۆستە سیادییەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پسپۆڕی و شارەزایی دوور لە پشکێنەی حزبی. بۆ نموونە: یەکلاکردنەوەی ماوەی ئەو پۆستانەی کە بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان ماوەیان تەواو بووە.

**لە ڕووی ئابوورییەوە:**

أ. بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی و بەرهەمی خۆماڵی و پشتبەخۆبەستن، بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی جۆراوجۆر نەبنەوە.

ب. فراوانکردنی سەرچاوەکانی داهات بۆ ئەوەی لە پاڵ نەوت و بودجەی بەغدا، هەرێمی کوردستان سوودی زیاتر لە سەرچاوە سروشتییەکانی دیکە وەربگرێت و سەرچاوەی دیکەی داهات پەیدا بکات بۆ سەقامگیریی ئابووری.

ج. هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان بە جۆرێک وەبەرهێنان لە کەرتەکانی دیکە، وەکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بکرێن کە هەلی کاری بەردەوام بۆ خەڵک دابین دەکات و هەرێم دەکاتە خاوەن سەرچاوەی دیکەی داهات.

د. پێشخستنی سیستەمی بانکی لە هەرێم کە کارئاسانی زیاتر بۆ گەشەی ئابووری و سەرمایەگوزاری دەکات و سیستەمی چاودێری و جوڵەی سەرمایە بەهێز دەکات و ڕێگری لە سپی کردنەوەی پارە و جۆرەکانی دیکەی گەندەڵی دەکات.

ە. ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و گومرگ بە شێوازێک کە یارمەتیدەری پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بێت.

و. کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە پێناو کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا.

**لە ڕووی سیاسییەوە:**

أ. یەکخستنەوەی تەواوی جومگەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی ئیداری و نەهێشتنی سیمای کۆنترۆڵی حزبی بەسەر ئیدارە و زۆنە سیاسییەکان و ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانی حزبی لە کاروبارەکانی کەرتی گشتیدا.

ب. ڕێگریکردن لە بەرپرسانی حزبی لە کێبڕکێی ئابووری و سەرمایەگوزاری، ئەگەر وەکو هەر کۆمپانیا و سەرمایەدارێکی دیکەش بێنە ناو کێبڕکێوە، پێویستە چاودێریی توند بخرێتە سەر پرۆژەکانیان و چاوپۆشی لە بەفیڕۆدان و خراپی کواڵیتی بۆ کەس نەکرێت.

ج. هەوڵدان بۆ فراوانکردنی شەفافیەت لە داهاتی ناوخۆیی، بە تایبەت داهاتی نەوت بۆ ئەوەی متمانەی خەڵک و دەسەڵات پتەوتر بێت.





ە. جگە لە پۆستە سیاسییەکان، پۆستەکانی دیکەی ناو حکومەت لەڕێی ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی لێهاتوویی و ئەزموون و پسپۆڕی بەبێ لەبەرچاوکردنی ئینتیمای سیاسی بەڕێوە ببرێن.

**لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە:**

أ. ڕێگا نەدرێت کە حزبایەتی لەناو پۆلیس، ئاسایش و پێشمەرگەدا بکرێت.

ب. دووبارە ڕێکخستنەوەی ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەکان کە گونجاو بێت لەگەڵ پرۆسەکانی چاکسازی.

ج. ڕێگا نەدرێت هێزە ئەمنییەکان لە ڕووداوە سیاسییەکان و پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەستتێوەردان بکەن.

لە ڕووی خزمەتگوزاریی گشتییەوە:

أ. جێکردنەوەی گوتار و هۆشیاری دژە گەندەڵی لە پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا.

ب. هاندانی توێژینەوەکردن لە بواری چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی.

ج. گرنگیدان بە پرۆسەکانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی لەناو وتارە ئاینییەکان و چالاکییە ئاینییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

د. چاوخشاندنەوە بە کەرتی تەندروستی بە تایبەت لە بوارەکانی هاوردەکردنی دەرمان و بایەخدانی زیاتر بە نەخۆشخانە حکومییەکان و چاودێریکردنی داهاتەکانی ئەو کەرتە.

ە. لە ڕووی کلتوورسازی و ڕۆشنبیریی دژە گەندەڵییەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرنامە و پلانی گونجاو ئامادە بکات. بەرنامەی هاوبەشی هۆشیاری لە نێوان دەستەی دەسپاکی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بهێنرێتە کایەوە بە مەبەستی زیادکردنی هۆشیاریی دژە گەندەڵی لەناو خەڵک و لەناو فەرمانگەکانی دەوڵەت.

و. بەردەوامیدان بە پەیڕەوکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە کەرتەکانی گواستنەوە و گەیاندن و وەبەرهێنان بە مەبەستی نەهێشتنی قۆرخکاری.

**پلانی جێبەجێکردن**

**لە ڕووی ئیدارییەوە:**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی، داواکاریی گشتی | بەهێزکردنی چاودێری ناوخۆیی لەناو دامەزراوەکانی حکومەت بۆ ئەوەی خۆیان ڕێگری لە دەرفەتەکانی گەندەڵی بکەن | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان | چالاکتربوونی ئەدای دامودەزگاکان | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | حکومەتی هەرێمی کوردستان (فەرمانگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری) | خێراکردنی ڕاییکردنی کارەکانی خەڵک، کەمکردنەوەی ڕۆتین و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامەزراوەکانی حکومەت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتی گەندەڵی | حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| د | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان | کەمکردنەوەی فشار لە سەر کەرت و بودجەی گشتی، کردنەوەی دەرفەت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ داهاتی زیاتر لە کەرتی تایبەت بەدەستبهێنن | هەموارکردنی یاسا تایبەتەکان و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| ە | فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، دەستەی دەسپاکی، وەزارەتەکان | بەرزکردنەوەی ئاست و هۆشیاریی پیشەییی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بۆ ئەوەی ئەرک و مافەکانی خۆیان باشتر بزانن و لە دەرفەت دروستکردن بۆ گەندەڵی دووربکەونەوە | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت بۆ کردنەوەی خولی بەردەوام، ئاگاداربوون و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| و | پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، یەکە ئیداری و حکومەتە خۆجێییەکان | کەمکردنەوەی ڕۆتین و شۆڕکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵات بە ئامانجی ئاسانکاریی کاری هاوڵاتییان و نەهێشتنی کەلێن و دەرفەت بۆ گەندەڵی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ز | حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی دەسپاکی | زۆر نەمانەوەی کەسێک لە پۆستەکان و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و وزەی نوێ بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی کەرتی گشتی. دەرفەت دروستکردن بۆ ئەو توانا و وزانەی لە دەرەوەی حزبەکان لە کۆمەڵگەدا هەن. | لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

**لە ڕووی ئابورییەوە**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ، ب، ج | وەزارەت و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت کە داهاتیان هەیە | بایەخدان بە وەبەرهێنان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشت و گوزار، و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردن و زیادکردنی داهات لە سێکتەرەکانی دیکە بۆ ئەوەی سەرچاوەی دیکەی داهات بۆ حکومەت و هەلی کار بۆ خەڵک زیاد بێت | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| د | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی بەغدا، بانک و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتمەند | خێراکردنی ڕاییکردنی کارەکانی خەڵک و کاروباری بازرگانی، کەمکردنەوەی پارەی کاش کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتی گەندەڵی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ە | وەزارەتی دارایی و ئابووری، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی بە هەماهەنگی دامەزراوە پەیوەندارەکانی دیکە | ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و گومرگ بە شێوازێکی شەفاف کە داهاتەکان ڕوون بن | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| و | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری | کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

**لە ڕووی سیاسییەوە:**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ، ب | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتە سیاسییەکان | بەهێزکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە پیشەیی و دوور لە حزبایەتی و بەرژەوەندیی تەسک کار بکەن و هەرێمی کوردستان بەهێز و یەکگرتوو بێت | دەرکردنی یاسای پێویست، واژووکردنی میساقی شەرەف لە نێوان حزبەکان، ڕێگری حکومەت لە دەستتێوەردانی حزبی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری)، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی | زیادکردنی شەفافیەت لە داهات و خەرجی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی | جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، نەوت و گازی هەرێمی کوردستان-عێراق، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی داراییی داهات و خەرجی، ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ە | حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی دەسپاکی | کاراکردنی ئەدای دامودەزگاکانی کەرتی گشتی، بەرزبوونەوەی متمانەی خەڵک بە حکومەت | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

**لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە:**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ، ب، ج | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە)، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی | جیاکردنەوەی حزب لە لایەنی سەربازی و ئەمنی | دەرکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست، هەمووارکردنی یاسا بەرکارەکان ئەگەر پێویست بوون، یەکخستنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بە گوێرەی یاسا | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

**لە ڕووی خزمەتگوزاریی گشتییەوە**

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | وەزارەتەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، دەستەی دەسپاکی | بەرزکردنەوەی هۆشیاریی دژە گەندەڵی لەناو قوتابییان/خوێندکاران بە مەبەستی پەروەردەکردنی تاکێکی دەسپاک و هاندانی زیادکردنی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تایبەتمەند لەم بوارەدا. | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەستەی دەسپاکی، ناوەندەکانی بیرکردنەوە | زیادکردنی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی چاکسازی | دابینکردنی گرانتی بەردەوام بۆ توێژینەوەکردن لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، دەستەی دەسپاکی | ئاراستەکردنی هاوڵاتییان بۆ پاڵپشتی کردن لە پرۆسەکانی چاکسازی و دوورکەوتنەوە لە گەندەڵی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | وەزارەتی تەندروستی، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی | شەفافیەت لە داهاتی ناوخۆیی لە کەرتی تەندروستی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە کواڵیتییەکی بەرز | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ه | وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، دەستەی دەسپاکی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | پەروەردەکردنی تاکی هۆشیاری دژە گەندەڵ لەناو کۆمەڵگەدا | کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بە هەموو جۆرەکانی پاڵپشتی لە پرۆسەی چاکسازی بکەن و پرۆگرامە هاوبەشەکانی لایەنی پاڵپشت بەبێ بەرانبەر بڵاوبکەنەوە | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| و | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی دەسپاکی | نەهێشتنی قۆرخکاری لە بوارەکانی پەیوەندی، گواستنەوە، گەیاندن و وەبەرهێنان و پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

١,٣ دەسەڵاتی دادوەری

**شرۆڤە:** بەپێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی دادوەری ئەرکی جێبەجێکردنی (تطبیق) یاساکانە بە یەکسانی و دادپەروەری لە هەرێمی کوردستان.

خاڵە بەهێزەکان: بەپێی یاسای ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەم دەسەڵاتە دامەزراوەییەکی سەربەخۆیە. پەیمانگەی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە بۆ ئەوەی دادوەر و داواکاری گشتی بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێ بگەیەنێ. هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆلێژ و بەشەکانی یاسا لە زانکۆکان هاوکارێکی دیکەن بۆ دروستکردنی کادری یاسایی بۆ کارکردن لە پرۆسەی دادوەریدا. دەربارەی ژیانێکی شایستە، لە داهاتی گشتی توانراوە مووچە و دەرماڵەی شایستە بۆ دادوەران و کارمەندانی ئەو بوارە دابینبکرێت تا بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئەرکی خۆیان جێبەجێبکەن.

**خاڵە لاوازەکان:** وێڕای ئەوەی بەپێی یاسا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، بەڵام لە واقیعدا ئەو سەربەخۆییە بەتەواوی پراکتیزە نەکراوە. ئەمەش کێشە بۆ سەروەرێتی یاسا دروست دەکات. بەهۆی لاوازیی سیستەمی کارگێڕییان داوا یا سابیەکان دوادەکەون تا دەگەنە پلەی بنبڕ. یەکێکی دیکە لە کەموکوڕییەکان کەمی ژمارەی دادوەرەکان و لێکۆڵەرانی دادییە. هەندێ لەو دادوەرانەی پێشتر دامەزراون، پێوەرەکانی دامەزراندنیان ڕوون نییە. نەبوونی دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی یەکلاکردنەوە دادبینییەکان لەو کەیسانەی پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەیە. نەبوونی چاودێری کارایی و جێبەجێنەکردنی سزای گونجاو بە سەر دادوەرانی کەمتەرخەم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان هۆکارێکی ترە بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی. نەبوونی سیستەمێکی بەهێزی چاودێری بەسەر پارێزەران وای کردووە کە بەشێک لەو توێژە ڕۆڵیان هەبێت لە زیادبوونی دیاردەی گەندەڵیدا.

**دەرفەتەکان:** ئەنجومەنی دادوەری بەهۆی ئەو دەسەڵاتانەی یاسا پێی داوە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ لە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی. بوونی پەیمانگەی دادوەری دەرفەتێکی گونجاوە تا دادوەران و داواکاری گشتی بە شێوەیەکی پیشەیی و دوور لە پێوەر و دەستتێوەردانی سیاسی پێبگەیەندرێن و دابمەزرێن.





**هەڕەشەکان:** دەستێوەردانی کەسانی دەسترۆیشتوو لە دادبینییەکان هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری و سەربەخۆیی دادوەری. نەبوونی پلانێکی گونجاو بۆ تواناسازی و گەشەپێدانی بەردەوامی دادگا و دادوەرەکان و ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، کاریگەری لەسەر پێشخستنی توانستی دادوەریی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەجێدەهێڵێت.

ئەنجام نەدانی پرۆسەی دادوەری بە زمانی کوردی کە زمانی فەرمییە و زمانی یەکەمە لە هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی ترە بۆ ناڕوونی و نا شەفافیەت و گەندەڵی.

ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن:

ئامانجەکان:

أ. دامەزراندنی دادگای دەستووری و دیاریکردنی ئەندامەکانی لە سەر بنەمای لێهاتوویی و سەربەخۆیی.

ب. دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو.

ج. هەمووارکردنەوەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری و پەیکەرەکەی بە جۆرێک ڕێکبخرێتەوە کە لەگەڵ ئەرکەکانی لەو سەردەمە بگونجێت و ڕۆڵی ئەو دەزگا گرنگە لە کۆمەڵگە و پرۆسەکانی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کاراتر بێت.

د. کردنەوەی خولی بەرزکردنەوەی ئاست و پەرەپێدانی زانیاریی دادوەران.

هـ. بەکوردیکردنی کاروباری دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

و. گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرانبەر بەو دادوەرانەی کە دەسەلمێندرێ کەمتەرخەمی لە کارەکان ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە ئینفازکردنی قانوونی ئیشرافی قەزائی.

ز. زیادکردنی ژمارەی دادوەران بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| أ | دەسەڵاتی سیاسی بە گوێرەی دەستوور | فەراهامکردنی سەروەری یاسا | هەماهەنگی و ئیرادەی سیاسی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و دەستەی دەسپاکی | خێراکردنی یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی | هەماهەنگی نێوان لایەنی پاڵپشت لەگەڵ بوونی ئیرادەی سیاسی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری | باشتر ڕێکخستنەوەی ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەوەی ئەرکەکانی بە گوێرەی سەردەمەکە بەڕێوەبەرێت | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | ئەنجومەنی دادوەری و زانکۆکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەی دەسپاکی | بەرزبوونی ئاست و توانستی دادوەرەکان و زیاتر چالاکبوونی دەسەڵاتی دادوەری | کردنەوەی خول و دانانی پێوەری بەشداربوونی ئیلزامی بۆ دادوەران و ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هـ | پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی داد | کەمکردنەوەی هەڵەی دادی و وردبوونەوەی زیاتر پێش بڕیاردان و بەدیهێنانی دادپەروەری زیاتر لە جێبەجێکردنی یاساکان | هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بەردەوامی بڕیاری دادوەران و وردبینیکردن لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە دەقەکانیان تەنیا بە زمانی عەرەبی بە شێوەی فەرمی لە بەردەستن. | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| و | پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری | کەمکردنەوەی کەڵەکەبوونی داوا یاساییەکان | کردنەوەی خولی زیاتری پەیمانگەی دادوەری و پاشان دامەزراندنی دەرچووان، ئینفازکردنی قانوونی ئیشرافی قەزائی. | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ز، | ئەنجومەنی دادوەری | باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری دادوەری | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |

١,٤ دامەزراوە سەربەخۆکان پەیوەست بە پرۆسەی نەهێشتنی گەندەڵی

**شرۆڤە:** ژمارەیەک دامەزراوەی سەربەخۆ هەن کە یاسای تایبەتیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرچووە و خاوەن تایبەتمەندین لە کارکردن وەکو دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی دەسپاکی، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. ئەم دامەزراوانە لە کەرتی گشتیدا کاردەکەن و خاوەن پێگەی یاسایی خۆیانن. بۆ ئەوەی کارەکانیان بە دروستی بکەن، پێویست وایە ئەو دامەزراوانە بە دەر لە پشکێنەی حزبی و لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پسپۆڕی و ئەزموون کارمەند و بەڕێوەبەرەکانیان دابمەزرێندرێ.

١,٤,١ دیوانی چاودێریی دارایی

**شرۆڤە:** دیوان بە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە. ئامانجی پارێزگاری کردنە لە موڵک و ماڵی گشتی لە ڕێگەی دڵنیابوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی ژمێریاری و کارگێڕی و دڵنیابوون لە بەرکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخان کراوە.

**خاڵە بەهێزەکان:** یاسای تایبەت بە خۆی هەیە کە چوارچێوەی دامودەزگایی و یاسایی و دەسەڵاتێکی فراوانی پێداوە بۆ ئەوەی ڕۆڵ لە چاودێری خەرجکردنی دارایی گشتی بگێڕێت و دەرفەتەکانی گەندەڵی نەهێڵێت. بەهۆی ئەوەی ساڵانێکە کار دەکات، بۆتە خاوەن ئەزموون و سەرمایەی مرۆیی.

**خاڵە لاوازەکان:** وەکو پێویست ڕۆڵی کارای خۆی نەبینیووە. بەهۆی سیستەمی کۆنی ژمێرکاری و لاوازیی سیستەمی بانکی، چاودێریکردنی جوڵەی دراو و دارایی کارێکی زەحمەتە. هەندێ بواری داهات وەکو نەوت لە دەرەوەی دەسەڵاتی چاودێریی دارایی ماونەتەوە و دیوان دەستی بە داهات و خەرجییەکانی ناگات. بەهۆی نەبوونی بودجەی ساڵانەی حکومەت بە شێوەیەکی بەردەوام، دیوان ناتوانێ پێداچوونەوە بە خەرجی کۆتایی ساڵی دامودەزگاکان بکات.

**دەرفەتەکان:** دیوان دەتوانێ بارودۆخی نوێی دوای شەڕی داعش دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە چاودێریکردنی خەرجی گشتی. بوونی کۆدەنگیی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، دەرفەتە تا دیوان سوود لە توانا ناوخۆییەکان و هاوکاریی نێودەوڵەتی وەربگرێ بۆ ئەوەی کارایی خۆی بەرزبکاتەوە.

**هەڕەشەکان:** بەهۆی بەردەوامی سیماکانی دوو ئیدارەیی لە هەندێ جومگەی حوکمڕانی کوردستان، مەترسی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم کارەکانی دیوان بۆ چاودێریکردنی خەرجی دارایی گشتی هێشتا لە ئارادایە.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

أ. بەهێزکردنی تواناکانی دیوانی چاودێری دارایی لە ڕووی یاسایی و مرۆیی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر خەرجییە کانی دارایی گشتی هەبێ و هیچ بوار و دامەزراوەیەک ڕیزپەڕ نەکرێت. بۆ ئەمەش پێویستە یاسای دیوان هەمواربکرێتەوە.

ب.زیادکردنی شەفافیەت لە داهات و خەرجی لەڕێی بەدواداچوونەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ئەوەی بوار بۆ بەفیڕۆدان و گەندەڵی نەمێنێتەوە.

ج. کردنەوەی خولی بەردەوامی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکانی ئەو کارمەندانەی لە دیوانی چاودێریی داراییدا کاردەکەن.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| أ | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیوانی چاودێریی دارایی | کاراکردنی زیاتری دیوان بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات | هەمواکردنی یاساکەی، هەماهەنگی و پاڵپشتیکردنی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیوانی چاودێریی دارایی | شەفافیەت، نەهێشتنی بوار بۆ گەندەڵی | هەماهەنگی نێوان لایەنی پاڵپشت بۆ ئەوەی شەفافیەت لە داهات و خەرجی زیاد بکرێت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی دەسپاکی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پاڵپشتیکارەکان | بەرزبوونی ئاست و توانستی مرۆیی و دامودەزگایی | کردنەوەی خول و دانانی پێوەری بەشداربوونی ئیلزامی بۆ ژمێریار و کارمەندانی دیوان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

١,٤,٢ دەستەی دەسپاکی

**شرۆڤە:** دەستە بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی بۆ شەفافیەت، لێپرسینەوە و نەهێشتنی گەندەڵی دەستنیشان کراوە.

**خاڵە بەهێزەکان:** چوارچێوەیەکی گونجاوی یاسایی هەیە بۆ کارکردن وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ. دەستی کردووە بە دامەزراندنی ستاف و بەهێزکردنی پەیکەری دامەزراوەیی خۆی. لەو ماوە کەمە بۆتە خاوەن پێگەیەک بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە بنێت. دەستە ئەرکی ئامادەکردن و داڕشتنی پلانی ستراتیژیی نەهێشتنی گەندەڵی گرتۆتە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستە ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١ نوسرایەوە و لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران لێژنەی باڵا بۆ جێبەجێکردنی ڕاگەیە ندرا. هەروەها دەستە هەندێ ڕێنمایی تایبەت بە ڕەفتاری پیشەیی، شەفافیەت و خۆپارێزی و ڕێکارەکانی لێپرسینەوەی بڵاوکردووەتەوە.





**خاڵە لاوازەکان:** لە ڕووی سەرمایەی مرۆییەوە هێشتا دەستە پێویستی زۆری بە لێکۆڵەری دادی و کارمەندانی دیکە بۆ هەڵمەتەکانی لێکۆڵینەوە و خۆپارێزی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری هەیە. لە ڕووی داراییەوە کێشەی بوونی بودجەیەکی گونجاوی هەیە. سوود وەرگرتنی نادروست لە بوونی پارێزبەندی و وەرگرتنی ڕەزامەندیی مەرجەع و ڕێپێدان لە هەندێ کەیسدا، ڕێگری لە کارەکانی دەستە دەکات. دەستە لە ڕووی ئەزموونی کارەوە تازەیە و پێویستی بە ڕاهێنانی بەردەوامی ستافەکەی هەیە. نەبوونی دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی وای کردووە کە ئەو جۆرە کەیسانە بە درەنگ یەکلابېنەوە.

**دەرفەتەکان:** دەستە بە یاسا دەسەڵاتیکی فراوانی کارکردنی پێدراوە. بەهۆی فراوانبوونی پاڵپشتی بۆ چاکسازی لەناو حزبەکان و دامەزراوەکان، دەستە دەتوانێ باشتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لە ڕووی یاسایی و دامەزراوەییەوە تواناکانی خۆی بەهێزتر بکات. داوای دابینکردنی بودجەی پێویست بکات. هەروەها داوا بکات کە لێکۆڵەر و کارمەندی پێویستی بۆ دابمەزرێ تا چالاکییەکانی فراوانتر بکات. دەستە دەتوانێ هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی بازنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە فەرمییەکان و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵی مەدەنی بۆ شەڕی گەندەڵی فراوانتر بکات.

**هەڕەشەکان:** لاوازی ئیرادەی نەهێشتنی گەندەڵی لە لایەن دامەزراوە باڵاکانی کوردستان بۆ ئەوەی پلانەکان بنە کردار و بەرجە ستە بن، هەڕە شەیەکی بەردەوامە لەبەردەم کارەکانی دە ستە. ئەمە بۆتە هۆکاری لاوازیی متمانەی خەڵک بە کار و پڕۆژەکانی دەستەی دەسپاکی کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵپشتی. هەروەها هاوکاری نەکردنی حزبەکان و دامەزراوە فەرمییەکان بۆ ئەوەی دەستە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ، مەترسییەکی دیکەی بەردەوامە. دابیننەکردنی سەرچاوەی مرۆیی پێویست وەکو ستافی کار لە دەستەدا، بۆتە هۆی یەکلانەبوونەوەی کەیسەکان بە خێرایی، ئەمەش بوار بۆ دەستتێوەرانی لاوەکی لە کەیسەکان دەکاتەوە.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

أ. بەهێزکردنی تواناکانی دەستە لە ڕووی یاسایی و مرۆیی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دامەزراوەکان هەبێ و بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت.

ب.دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ئەوەی کەیسەکان بە زوویی یەکلاببنەوە.

ج. پێکهێنانی هاوپەیمانی نیشتیمانیی نەهێشتنی گەندەڵی بۆ ئەوەی هاوکاری دەستە بکرێ و شەڕی گەندەڵی وەکو ئەرکێکی نیشتیمانیی پێکەوەیی سەیربکرێ.

د. تەرخانکردنی بودجەیەکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەستە.

ە. بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی لێکۆڵەر و کارمەندانی دەستە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکەکانی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا جێبەجێ بکەن.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| أ | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی دەسپاکی | کاراکردنی زیاتری دەستە لە ڕووی یاسایی و توانا مرۆیی و دامەزراوەکانی، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات | هەموارکردنی یاساکەی، دامەزراندنی لێکۆڵەری داد و کارمەندی دیکە بۆ ئەوەی کارەکانی بە دروستی بەڕێوەببات. | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، دەستەی دەسپاکی | خێرایی یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی کە دەبنە هۆی بەزبوونەوەی متمانەی خەڵک بە پرۆسەکانی چاکسازی | هەماهەنگی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| ج | دەستەی دەسپاکی و هەموو دامەزراوەکانی دیکە | فراوانکردنی پاڵپشتی بۆ پرۆسەکانی چاکسازی | هەماهەنگی هەموو دامەزراوەکان لەگەڵ دەستە | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان | باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەستە لە بواری چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی | تەرخانکردنی بودجەیەکی شیاو | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ە | دەستەی دەسپاکی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پاڵپشتیکارەکان | باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکاکانی دەستە | خولی بەردەوامی ڕاهێنان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

١,٤,٣ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

**شرۆڤە:** هەڵبژاردن میکانیزمی دەستاوەستکردنی شەرعیانەی دەسەڵاتە. ئەم کۆمیسیۆنە بە یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و ئەرکی ئامادەسازی و بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ.

**خاڵە بەهێزەکان:** ئەم کۆمیسیۆنە بە یاسا دەسەڵاتی ئامادەکاری و سەرپەرشتی و چاودێریی پرۆسەکانی دەنگدان لە هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆدایە. سەربەخۆییەکی دامەزراوەیی هەیە بۆ دامەزراندنی توانا مرۆییەکانی خۆی.

**خاڵە لاوازەکان:** دامەزراندنی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە سەر بنەمای پیشەیی و پسپۆڕی نەبووە. ئەمەش سەربەخۆیی کارەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دوای هەر پرۆسەیەکی دەنگدان درەنگ دەکەوێت، ئەمەش لاوازیی پیشەگەرێتی و شەفافێتیی پرۆسەکە پیشاندەدات.

دەرفەتەکان: بودجەیەکی باش و توانای مرۆیی گونجاو و کاتی پێویستی لەبەردەستە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی شەفاف و بێخەوش.

**هەڕەشەکان:** ئەگەری دەستتێوەردانی حزبەکان لە کاروباری کۆمیسیۆن کە دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی ئەنجامەکانی دەنگدان، هەیە. بەهۆی کەمتەرخەمی لە شەفافێتیی ئامادەکاری و بەڕێوەچوون و چاودێری پرۆسەکانی هەڵبژاردن، متمانەی هاوڵاتییان بە ئەنجامەکانی هەڵبژردن لاواز بووە.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

أ. دامەزراندن و ئاڵوگۆڕی پۆستەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسەر بنەمای پیشەیی و لێهاتوویی و پسپۆڕی.

ب. مسۆگەرکردنی شەفافیەت لە پرۆسەی دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان.

ج. چاودێریکردنی سەرچاوەی دارایی و خەرجیی هەڵمەتی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردن.

پلانی جێبەجێکردن:





| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| أ | پەرلەمانی کوردستان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، دەستەی دەسپاکی | پیشەیی بوونی کۆمیسیۆن | دانانی پێوەری پیشەیی و لێهاتوویی و پسپۆڕی دوور لە ئینتیمای حزبی | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی | هەڵبژاردنێکی پاک و شەفاف و زیادکردنی متمانەی خەڵک | چاودێریکردنی وردی پرۆسەکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، دیوانی چاودێریی دارایی | هێنانەدیی دادپەروەری و شەفافیەت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن | ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

٢. سێکتەری پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی

٢,١ پارتە سیاسییەکان:

**شرۆڤە:** پارتە سیاسییەکان لە کوردستان یەکێکن لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو کایەی سیاسی و ڕۆڵی گەورە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا دەگێڕن.

**خاڵە بەهێزەکان:** لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەو کایەیە گەشەی سیاسی و یاسایی بە خۆیەوە دیووە. یاسای پارتە سیاسییەکان ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ بۆ ڕێکخستنی فرەیی سیاسی لە کوردستان دەرچووە و هەڵبژاردن بە گوێرەی یاسا بۆ دەستاوەستکردنی دەسەڵات بەڕێوەدەچێت. بەمەش تاکڕەوی و بڕیاری یەکلایەنە لە کایەی سیاسیدا ئەستەم دەبێت. حزبەکان بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی دارایی لە بودجەی گشتی، یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٤ یان بۆ دەرچووە. پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی پێگەیشتووتر بە بەراورد بە ڕابردوو هەڵسوکەوت و کێبڕکێ دەکەن، ئەمەش جۆرێک لە متمانەی لە لای خەڵک دروست کردووە کە ئەزموونی شەڕی ناوخۆ دووبارە نابێتەوە. ڕۆڵ لە پێگەیاندنی کادری سیاسی و ئیداری بۆ دامەزراوە فەرمییەکان دەگێڕن و بە شێکن لە پرۆسەی هۆشیاریی سیاسی و پەرەپێدانی کلتووری دیموکراسی.

**خاڵە لاوازەکان:** حزبەکان کێشەیان لە پرۆسەکانی دیموکراسی ناوخۆیی هەیە کە زیاتر خۆی لە بەستنی کۆنگرە لە کاتی خۆی و دەستاوەستکردنی دەسەڵات دەبینێتەوە. هەروەها کێشە لە جێبەجێکردنی پەیڕەو و پڕۆگرامی کاری حزبەکان هەیە کە خۆیان لە کۆنگرەکانیان پەسندیان کردووە. وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی کە فرە حزبی هێناوەتە کایەوە، لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا و کارکردندا جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوانیاندا نییە. نەبوونی شەفافیەت لە داهات و دارایی حزبەکان، نەبوونی شەفافیەت لە ئەستوی دارایی بەرپرسانی حزبی بواری گەندەڵی لەناو ئەو دامەزراوانە دروست کردووە. حزبەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دەست لە کاروباری حکومەتداری وەردەدەن. لەڕێی پشکێنەی حزبییەوە بەرپرسانی ئیداری لە نێوان خۆیان دابەشدەکەن و هەوڵ دەدەن دەست لە کاروباری دامەزراوە سەربەخۆکانیش وەربدەن و هەموو پۆستە ئیدارییەکان لەڕێی پشکێنەوە، لە بری ڕەچاوکردنی لێهاتوویی و پسپۆڕی و ئەزموون، لە نێوان خۆیان دابەش بکەن. ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر ئەدای ئەو دامەزراوانە و هەموو دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە بەجێدەهێڵێت.

**دەرفەتەکان:** بۆ چاکسازی و بەشداری پارتە سیاسییەکان لە نەهێشتنی گەندەڵی دەرفەت زۆرن. بۆ نموونە پارتە سیاسییەکان دەتوانن لە ڕێگای پەروەردەکی سیاسیی تەندروستەوە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی خێراتر بکەن و بیکەن بە ئامانجی حزبەکانیان. هەروەها دەتوانن کادری دژە گەندەڵ و چاکسازیخواز بۆ دامەزراوە فەرمییەکان کاندید بکەن.

**هەڕەشەکان:** ئەوەی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە شەڕی گەندەڵیدا دەخاتە بەردەم هەڕەشە، دەستتێوەرانی بەردەوامیانە لە کاروباری گشتیدا؛ ڕەچاونەکردنی شیاوێتی وەکو پرەنسیپێکی باڵا لە کاتی کاندیدکردنی کادرەکانیان بۆ کارکردن لە کەرتی گشتی؛ بەکارهێنانی کادرەکانیان لەناو دامەزراوە فەرمییەکان بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سیاسی و حزبییەوە هەڵسوکەوت بکەن؛ بوونی پارەیەکی زۆری ناشەفاف لەبەردەستیان دەتوانرێ کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی چاکسازی بەجێبهێڵێ.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

أ. کۆدەنگیی هێزە سیاسییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و پاڵپشتیی پرۆسەی چاکسازی لەڕێی واژووکردنی میساقێکی شەرەف بۆ ئەم مەبەستە. هەروەها لەڕێی ئەو میساقەوە پارتە سیاسییەکان بەڵێن بدەن کە دەست لە کاروباری حوکمەتداری وەرنادەن و لە پلەی وەزیر بەرەو خوارەوە، ئاسانکاری دەکەن تا حکومەت لەڕێی سی ڤی و لە سەر بنەمای لێهاتوویی و پسپۆڕی و شارەزایی بەڕێوەبەرەکان دابمەزرێنێ نەک لە سەر بنەمای پشکێنەی حزبی.

ب. ڕێکخستنەوەی چوارچێوەی یاسایی پاڵپشتی دارایی پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ بنەماکانی ئەم ستراتیژە.

ج. پەرەپێدانی دیموکراسیی ناوخۆیی حزبەکان لەڕێی ئەنجامدانی کۆنگرەکانیان لە وادەی خۆی.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | حزبە سیاسییەکان و سەرۆکایەتیی هەرێم و دەستەی دەسپاکی | پاڵپشتی سیاسی بۆ پرۆسەی چاکسازی، هەروەها کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی حزبی لە ئیدارە، ڕێگاخۆشکردن تا خەڵک لە سەر بنەمای لێهاتوویی و شیاوێتی نەک تەنیا پاڵپشتی حزب پۆستی حکومی وەربگرێت | کۆبوونەوە و هەماهەنگی نێوان لایەنی پاڵپشت، واژووکردنی میساقی شەرەف لە نێوان حزبە سیاسییەکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان | شەفافیەت لە دارایی حزبە سیاسییەکان | هەماهەنگی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | حزبە سیاسییەکان و وەزارەتی ناوخۆ | فرەیی سیاسی و دیموکراسی ناوخۆیی | حزبەکان و وەزارەتی ناوخۆ | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





٢,٢ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**شرۆڤە:** دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و سەنتەر و ناوەندی کلتووری دەگرێتەوە کە بە یاسای جۆراوجۆر لە کوردستان دامەزراون و بەشدارن لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان.

**خاڵە بەهێزەکان:** چوارچێوەیەکی یاسایی ئاسانیان بۆ دامەزراندن بۆ دیاریکراوە. فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەرکی تۆمارکردنیان دەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ زەمینەسازی بۆ ئەوەی لە کاتی هەبوونی بودجە پاڵپشتی دارایی بۆ پرۆژەکانیان دەستەبەر بکات. ساڵی ٢٠١٣ ڕێککەوتنێک بە ناوی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا، کە بوو بە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو لایەنە. بەشێک لەو ڕێکخراوانە تایبەتمەندن بە پاڵپشتیی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی.

**خاڵە لاوازەکان:** هەندێک لەو ڕێکخراوانە لەژێر هەژموونی سیاسی و حزبەکاندا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەڵسوکەوت دەکەن کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕۆڵیان بەجێدەهێڵێت. نەبوونی پسپۆڕی و لێهاتوویی تایبەت بەو بوارانەی هەندێ لەو ڕێکخراوانە کاری تێدا دەکەن بوونەتە خاڵێکی دیکەی لاواز. بەهۆی ئاسانی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوەکان خۆیان بوونەتە کێشەی زۆری بەبێ ئەوەی ئەنجامی زۆریان هەبێ. سەرچاوەی داهات و داراییان ڕوون نییە و هەندێجار بۆ بەرژەوەندیی سیاسی بەکاردەهێندرێن. هەندێ لەو پاڵپشتییە داراییانەی لەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەریدەگرن ڕوون نییە وبواری گەندەڵی دروست کردووە.

**دەرفەتەکان:** ئەم سێکتەرە چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ دا ندراوە کە دەرفەتە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە چالاکانە و بەدەستکراوەیی کار بکەن. بوونی ژمارەیەکی زۆری گەنج کە حەزیان لە کاری خۆبەخشی و ڕێکخراوەیی هەیە، سەرمایەی مرۆیی بۆ ئەم کەرتە زیاد دەکات. هەروەها بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕێکخراوی ناحکومیی ناوخۆیی دەکرێ ببێتە ئاسانکاری بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوانیان زیاد ببێ بۆ بەشداریکردنی کارا لە هەڵمەتەکانی نەهێشتنی گەندەڵی. ئەو دامەزراوانە دەتوانن سوود لە بوونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان وەربگرن کە لە بوارەکانی پێشخستنی دیموکراسی کار دەکەن، بۆ ئەوەی پاڵپشتیی دارایی بۆ پرۆژەکانیان بەدەستبهێنن، بە تایبەت لە بواری بەشدارییەکی کارا لە هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی بەرەنگاربوونەوە و خۆپارێزی لە گەندەڵی.

**هەڕەشەکان:** ڕێکخراوەکان وەکو کۆپی حزبە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن لە هەموو بوارێکدا کارا بن و بە بڵاوی کار و باس لەسەر هەموو بابەتێک دەکەن، ئەمەش لە بەهای پسپۆڕێتی و خۆتەرخانکردن بۆ یەک سێکتەر و چالاکی کەمدەکاتەوە. بەشێکیان لە سەردەمێک بوونە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی هەندێ خەڵک و لە گەندەڵی تێوەگلاون، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر سومعەی کاری ڕێکخراوەیی داناوە. هەندێ لەو ڕێکخراوانە پاشکۆی حزبی سیاسین و زیاتر وەکو دامەزراوەی سێبەر کار دەکەن، بەمەش کارەکانیان دەچێتە ناو چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی ئاراستەکراو.

**ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن**

ئامانجەکان:

أ. چالاکترکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارا لە هاوپەیمانێتیی نیشتیمانیی نەهێشتنی گەندەڵی بکەن بە تایبەت لەڕێی هاندانی ڕێکخراوەکان تا لە بواری دیاریکراودا کار بکەن و لەو گشتگیرییە دوور بکەونەوە.





ب. بایەخدان بە بەرزکردنەوەی کواڵیتی کارکردن لەڕێی کردنەوەی خولی بەردەوامی ڕاهێنانی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان.

ج. کاراکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ئەوەی هەماهەنگیی نێوان ڕێکخراوەکان و دامەزراوە فەرمییەکان فراوانتر بێ.

د. بێلایەنکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دوو لە ئەجێندای سیاسیی دیاریکراو خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن.

ه. کاراکردنی زیاتری چاودێری سەر ڕێکخراوەکان لە لایەن دامەزراوە پەیوەندارەکان و بەسزاگەیاندنی ئەو بەرپرسانەی ڕێکخراوەکان کە لە کەیسەکانی گەندەڵی تێوەگلاون.

و. پۆلێنکردنی ساڵانەی ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی ئەوانەی چالاکترین و دەسپاکترین ڕێکخراون ڕێزیان لێبگیرێ و ئەوانەش چالاکییان نییە ڕێوشوێنی یاساییان بەرانبەر بگیرێتە بەر.

ز. جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ بە تایبەت پەیوەست بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی لە بوارەکەی خۆیاندا کارا نین.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەی دەسپاکی | پاڵپشتی ڕێکخراوەکان بۆ پرۆسەی چاکسازی | کۆبوونەوە و هەماهەنگیی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ب | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی | بەرزکردنەوەی کواڵیتی کارکردنی ڕێکخراوەکان | هەماهەنگیی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | پەرلەمان و فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەی دەسپاکی | زیادکردنی هەماهەنگی | کۆبوونەوە و چالاکی هاوبەشی نێوان لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | حزبە سیاسییەکان و دەستەی دەسپاکی و فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان | فرەیی سیاسی و دیموکراسیی ناوخۆیی | حزبەکان و وەزارەتی ناوخۆ | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ه | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی، و وەزارەتی ڕۆشنبیری | نەهێشتنی گەندەڵی لەناو ڕێکخراوەکان | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| و | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستەی دەسپاکی | چالاککردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕێگەی کێبڕکێ لە نێوانیان | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ز | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان | چالاککردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان | چاودێری و هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |





٢,٣ میدیا:

**شرۆڤە:** میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم حساب دەکرێ. کاریگەری لەسەر سیاسەت و حوکمڕانی هەیە و ئەوانیش کاریگەری لەسەر میدیا بەجێدێڵن.

**خاڵە بەهێزەکان:** میدیا، کە لێرە بە هەموو جۆرەکانی بینراو و بیستراو و نووسراوی کاغەز و ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگوترێ، وەکو دەسەڵاتی چوارەم وێنا دەکرێ کە دەتوانێ ڕۆڵی کارا لە ئاشکراکردنی کەیسەکانی گەندەڵی و بەدواداچوون بۆ پرۆسەکانی دادبینی کەیسەکانی گەندەڵی و چۆنێتیی جێبەجێکردنی یاساکان بگێڕێ. لە کوردستان دامەزراوەی فرە و زۆری میدیا هەن کە بە یاسا بواری فراوانی ئازادی کارکردنیان بۆ دەستنیشان کراوە. ڕۆژنامەنووسان بە یاسا پارێزگاریان لێ کراوە و مەودایەکی فراوانی ئازادیی کاری میدیایی هەیە کە دەکرێ خزمەتی پاڵپشتی پرۆسەکانی چاکسازی بکات. فرەمینبەری میدیاکان دەکرێ بواری کێبڕکێ لەسەر ئەدای باش بە تایبەت لە بواری پاڵپشتی چاکسازی فراوانتر بکات.

**خاڵە لاوازەکان:** بەشێک لە میدیاکان سەر بە پارتە سیاسییەکان و ئەجێندای سیاسی بەسەر کارەکانیان زاڵە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەیامەکانیان دادەنێ. هەندێکی دیکە بە شێوەی نهێنی و ناراستەوخۆ سەر بە گرووپی سیاسی جۆراوجۆرن کە ئامانجەکانیان بانگەشە بۆ ئەوان و دژایەتیکردنی نەیارەکانیانە، ئەمانە بە میدیای سێبەر ناسراون و ئەجێندایەکی سیاسیی ڕوخێنەر بە زمانێکی ئاست نزم پەیڕەو دەکەن، ئەمەش کاریگەریی خراپ بەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵێ. لاوازیی پیشەیی و پرۆفێشناڵی دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و هەواڵ و پەیامی نەشیاو و هەندێجار نابەرپرسیار کە کار لە متمانەی خەڵک بە میدیا دەکات. لەو سەردەمەی ئێستادا، هەندێ لە دەزگاکانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان تەنیا بۆ زیادکردنی ژمارەی سەردانیکار و لایک و کۆمێنت هەوڵی بەلاڕێدابردنی خەڵک دەدەن لەڕێی بڵاوکردنەوەی مانشێتی وروژێنەر و هەواڵی بێبنەما. ناشەفافیی سەرچاوەی داراییان، پەیامەکانیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە پاڵ هەموو ئەمانە، نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەتی وەکو ئەنجومەنی میدیا کە کاری ڕێکخستنی کاری میدیایی بێت لە کوردستان، لە خاڵە لاوازەکانی ئەم بوارەیە.

**دەرفەتەکان:** لەڕێی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا میدیا بە ئاسانتر و بێ سانسۆر خۆی بە هەموو ماڵ و کونجێکدا دەکات، ئەمەش دەکرێ وەکو دەرفەت سەیر بکرێ تا کاریگەریی پەیامەکانی باشتر بگات. میدیا دەرفەتی باشی لە بەردەمە کە بتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ لە نەهێشتنی گەندەڵی بگێڕێ لەڕێی ڕوونکردنەوەی دیوە خراپەکانی گەندەڵی و کاریگەریی بەسەر ژیانی گشتی. هەندێ لە میدیاکان خۆیان وەکو میدیای سەربەخۆ یان ئۆپۆزیسیۆن پیشاندەدەن، بەمەش دەتوانن زیاتر کاری میدیای بنکۆڵکاری Investigative بگێڕن بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی گەندەڵی.

**هەڕەشەکان:** دەستتێوەرانی حزبەکان لە میدیا، پەیامەکانی بە لاڕێدا دەبات و بەرنامە و ئاراستەی سیاسی تێکەڵ دەکات کە دەکرێ زیان لە ڕۆڵی میدیا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بدات. هەروەها دیارنەبوونی سەرچاوەی دارایی میدیاکان بواری ئەوە دەڕەخسێنێ کە دەستتێوەردان و ئاراستەکردن زیاتر بێ. هەندێ لە کەناڵەکانی میدیا بە ئامانج خەریکی ناشرینکردنی هەموو سیاسەت و بەرنامەیەکن بۆ ئەوەی هاوڵاتییان متمانەیان بە هیچ نەمێنێ. نەبوونی هیچ جۆرە ڕێکخستنێک بۆ میدیای نوێ، سۆسیال میدیا، دەرگای کردۆتەوە کە لەو پلاتفۆرمانە بە بێ بەڵگە هێرش بکرێتە سەر هەر کەسێک، هەر گروپ و حزب و سیاسەتێک.

## ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن

ئامانجەکان:

أ. دامەزراندنی ئەنجومەنی میدیا کە دەبێتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ وەکو دەستە سەربەخۆکان و ئەرکی بریتی دەبێ لە ڕێکخستنی کاروباری میدیا لە کوردستان بە هەمووجۆرەکانی.

ب. هەموارکردنی یاساکانی تایبەت بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کاروباری ڕۆژنامەوانی بە جۆرێک کە ببنە یەک یاسا و هەموو جۆرەکانی میدیا ڕێکبخەن.

ج. بەشداری پێکردنی میدیا وەکو یەکێک لە ئەندامە کاراکانی هاوپەیمانێتیی نیشتیمانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە پاڵ دامەزراوەکانی دیکە.

د. ئەنجومەنی میدیا و وەزارەتی ڕۆشنبیری و فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجومەنی وەزیران کار بکەن بۆ ئەوەی میدیاکان ڕۆڵ لە کلتوورسازی دژە گەندەڵی بگێڕن. لەو ڕێگایەوە هانی میدیاکان بدرێت تا پەیامەکانی دەستەی دەسپاکی بێ بەرانبەر بڵاوبکەنەوە وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی بەشداریکردنیان لە نەهێشتنی گەندەڵی لە کوردستان.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕێکخستنی کاروباری میدیا | دامەزراندنی ئەنجومەن لەڕێی دەرچواندنی یاسا | ٢٠٢١-٢٠٢٣ |
| ب | پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕێکخستنی کاروباری میدیا | پرۆژە یاسا بۆ یەکخستنی یاساکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | دەستەی دەسپاکی | زیادکردنی هەماهەنگی و کاراکردنی ڕۆڵی میدیا | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت لەگەڵ میدیاکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | دەستەی دەسپاکی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی میدیا، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیا | بەشدارییەکی کاراتری میدیا لە شەڕی گەندەڵی | هەماهەنگی لایەنی پاڵپشت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |

٣.کەرتی تایبەت:

**شــروڤە:** کەرتی تایبەت بە هاوبەشێکی سەرەکیی حکومەت دادەنرێت بۆ بوژاندنەوەی ئابووری هەرێم. بەشداری دەکات لە هەڵگرتنی هەندێ لەو فشارانەی لە سەر کەرتی گشتی هەن لەڕێی دابینکردنی هەلی کاری نوێ بۆ ئەوانەی دێنە بازاڕی کارەوە.

**خاڵە بەهێزەکان:** -کەمکردنەوەی فشاری کارگێری و دامەزراندن لەسەر حکومەت و کردنەوەی بواری نوێی زانستی و کارگێری کە لە توانای حکومەتدا نەبووە. سوڕانەوەی پارە و داهاتی هەرێم لە بازاڕی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی کێبڕکێ و گەشەکردنی بازاری ئازاد و بوژاندنەوەی بازاڕ و بەرزکردنەوە ئاستی بژێوی لە وڵاتدا.





**خاڵە لاوازەکان:** نەبوونی چاودێری لەسەر کەرتی تایبەت لە بوارەکانی کارگێری و دارایی و زانستی کە کاریگەری لەسەر کواڵیتی پرۆژەکان و نرخ و ئاستی زانستی هەیە. هەروەها بەهۆی نەبوونی چاودێرییەوە دەرفەتی هەلپەرستی و قۆرخکردنی خەڵک و بازاڕ هەیە. لە لایەکی دیکە تێکەڵکردنی سیاسەت و بازاڕ بە تایبەت لە لایەن هەندێ لە بەرپرسانی حکومی و حزبی کە لە پاڵ پۆستەکانیان بازرگانی دەکەن. ئەمەش وا دەکات کە ئەو بەرپرسانە فشار بکەن بۆ وەرگرتنی تەندەر و پرۆژە، لە جێبەجێکردندا بکەونە دەرەوەی چاودێری. بەشێک لە کەرتی تایبەت خۆی لە باج دەدزێتەوە.

**دەرفەت:** یاسای وەبەرهێنان دەرفەتی باشی بۆ سەرمایەگوزاری ناوخۆیی و دەرەکی کردەوە. بەمە پارەیەکی زۆر هاتە ناو بازاڕ و پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ کران. کەرتی تایبەت لە کوردستان بۆتە سێکتەرێکی دەوڵەمەند و دەتوانێ بە شدارێکی کارا بێ لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەڕێی ڕەخساندنی بوار و هەلی کاری زیاتر و جێبەجێکردنی پرۆژەی کواڵیتی بەرز.

**هەڕەشەکان:** دەستتێوەردانی سیاسەت لە ئابووری و بازاڕ وەکو هەڕەشە لە سەر ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کواڵیتی کارەکانیان و دەرفەتی گەندەڵی دەهێڵێتەوە. بەو هۆیەوە باج بە حکومەت نادرێ، دەرفەتی سپیکردنەوەی پارەی بەدەستهاتوو لە گەندەڵی دەمێنێتەوە.

## ئامانجەکان و پلانی جێبەجێکردن

ئامانجەکان:

أ. یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەموار بکرێتەوە بە شێوەیەک دیوان دەسەڵاتی چاودێریکردنی لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت هەبێت.

ب. جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە پەیوەنددارن بە نەهێشتنی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لە وەزیفەی گشتیدا.

ج. سیستەمی بانکی لە کوردستان چالاکتربێ بۆ ئەوەی مامەڵە و کارەکانی کەرتی تایبەت لەڕێی سیستەمی بانکییەوە بکرێ.

د. پەیڕەوکردنی سیستەمی تەئمینی ناچاری و هەروەها بەیاساکارکردن لە کەرتی تایبەت باشتر ڕێکبخرێ بۆ ئەوەی کرێکار و کارمەندانی ئەو کەرتە مافەکانیان زامن بکرێ و فشار لەسەر کەرتی گشتی کەمبکرێتەوە.

پلانی جێبەجێکردن:

| کۆد | لایەنی پاڵپشت | دەرکەوتەکان | میتۆد | کاتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| آ | پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێریی دارایی | فەراهامکردنی شەفافیەت و نەهێشتنی دەرفەتی گەندەڵی | پرۆژە یاسا، یان هەموارکردنی یاسای تایبەتمەند | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| ب | پەرلەمانی کوردستان، دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی دەسپاکی | ڕێگریکردنی لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندی کە فۆرمێکە لە گەندەڵیی سیاسی | کاراکردنی یاسا بەرکارەکان | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| ج | پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت | شەفافیەت، کارئاسانی بۆ پرۆژەکان، کەمکردنەوەی بە کارهێنانی کاش کە دەرفەت بۆ گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارە زیاتر دەکات. | ئاسانکاریی یاسایی و دامودەزگایی بۆ ئەوەی سیستمی بانکی پەرەی پێ بدرێت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |
| د | پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان | کەمکردنەوەی فشار لە سەر کەرتی گشتی، پاراستنی مافی کرێکاران لە کەرتی تایبەت | هەموارکردنی یاسای کار، ئاسانکاری بۆ ئەوەی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی بڕۆنە کەرتی تایبەت | ٢٠٢١-٢٠٢٥ |